# ئایا
# پارشێو و بەربانگ کردن
## پەیوەستە بە بانگدانەوە
## یان بە
# دەرکەوتنی فەجر و خۆرئاوا بوونەوە ؟


نووسن و ئامادەکردنی :

**مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطیف**

**وتارخوێنی مزگەوتی حاجی لەر**

پێداچوونەوەی :

**مامۆستا : خلیل أحمد و عدنان بارام**


www.fermude.com

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەمە پرسیارێکە کەوا ڕۆژانە لێرە و لەوێ لە لایەن موسڵمانانەوە ئاراستە دەکرێت و پێویستی بە وەڵامی زانایانی ڕاستەقینەی ئیسلام و ئەهلی سوننە هەیە ...

جا بۆیە ئێمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانی کەوا فەتوای هەندێك لە (گەورە زانایانی ئەهلی سوننە) بخەینە بەردەستی خوێنەران بۆ ئەوەی خۆیان لە نزیکەوە ئاگادار بن لە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە کەوا پەیوەستە بە کۆتایی کاتی پارشێوکردن و هەروەها سەرەتای کاتی بەربانگ کردنەوە ، وە ئێمە تەنها پرسیار و وەڵامەکان وەردەگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی و بەس ..

**پ١ / پرسیار کراوە لە** (الشيخ صالح بن فوزان الفوزان ــ حفظه الله ــ)[1] :

يقول الرسول ﷺ : ((ما زالت أمتي بخير ما عجَّلوا الفُطُور وأخروا السُّحور)) الحديث ، وأنا أفطر على أول مؤذن في حَيِّنا ، وأمسك عن الأكل والشرب على آخر مؤذن يؤذن في حَيِّنا ، فهل أنا مُحقٌّ في ذلك وعلى صواب ؟

---

[1] الفتاوى لابن فوزان ــ كتاب الدعوة : (١/١٥٢ــ١٥٣) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١/١٨٩) .

أفيدونـــي وجزاكم الله خيرا .. ؟

**واتە : پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : (بەردەوام ئوممەتەكەم لە خێردایە تاوەكو بەربانگ زوو بكەن و پەلەی تێدا بكەن و پارشێویش دوا بخەن) ، وە من بەربانگ دەكەم لە گەڵ یەكەم بانگدەر لە گەڕەكەكەماندا ، وە خۆمیش دەگرمەوە لە خواردن و خواردنەوە بە پێی ئاخر بانگدەر كەوا بانگ دەدات لە گەڕەكەكەماندا ، ئایا لەمەدا لە سەر حەق و ڕاستیم ، وەڵامم بدەنەوە .. خوا جەزای خێرتان بداتەوە .. ؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (تعجيل الإفطار إذا تـــحقق غروب الشمس وتأخير السحور إلـــى ما قبل أن يتحقق طلوع الفجر سُنَّة ، وأذان الـــمؤذن لا يُعتمَدُ عليهِ فـــي ذلك إلاَّ إذا تقيَّدَ بالتوقيت الصحيح لغروب الشمس وطلوع الفجر ، وإلاَّ فإنَّ الإعتمادَ عليهما لقوله ﷺ : ((إنَّ بلالاً يؤذن بليل فكلوا واشربوا حتى يؤذن ابن أم مكتوم)) وكان رجلاً أعمـــى لا يُنادي حتـــى يُقال لهُ : أصبحتَ أصبحتَ)[*] .

**واتە : پەلەكردن لە بەربانگ كردندا ئەگەر بە دڵنیایی خۆر ئاوا بوویێت و دوا خستنی پارشێو بۆ پێش دەركەوتنی فەجر بە ڕاستی سوننەتە ، وە لەمەدا پشت نابەسرێت بە بانگدانی بانگدەر ئیللا مەگەر ئەو بانگدەرە پەیوەست بێت بە كاتی ڕاستەقینەوە بۆ خۆر**

[*] صحيح البخاري رقم : (٦١٧) .

**ئاوا بوون و دەرکەوتنی فەجر ، ئەگینا پشت دەبەسرێت بە (خۆر ئاوا بوون و دەرکەوتنی فەجر)ەوە ، لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تا** (ابن أم مکتوم) **بانگی دووەم دەدات ، وە بانگدەری دووەم** (ابن أم مکتوم) **کە پیاوێکی نابینا و کوێر بوو بانگی نەدەدا تا پێی دەوترا : ڕۆژووت لێ بوویەوە ڕۆژووت لێ بوویەوە) .**

**پ٢ / وە پرسیار کراوە لە** (الشیخ محمد بن صالـــح العثیمین ــــ رحمه الله ـــ)[٢] :

ما حکمُ الذین یتقدمون فـــي الأذان فـــي رمضان ؟

**واتە : ئایا حوکمی ئەو کەسانە چیە کە لە ڕەمەزاندا بانگدان پێش دەخەن ؟**

*** ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (الذین یتقدمون فـــي الأذان فـــي أیام الصَّوم یتسرَّعونَ فـــي أذان الفجر یزعمون أنَّهم یـــحتاطونَ بذلك للصیام ، وهم فـــي ذلك مُخطئون لسببین :

---

[٢] فتاوی الشیخ محمد بن صالـــح العثیمین : (١ / ٥٢٥ ـــ ٥٢٦) ، نقلاً عن "فتاوی رمضان" : (١ / ١٩٦ ـــ ١٩٧) .

السبب الأول : أنَّ الاحتياطَ في العبادة هو لزوم ما جاء بهِ الشرع والنبي ﷺ يقول :((كلوا واشربوا حتى يؤذن ابن أم مكتوم ، فإنَّهُ لا يؤذِّن حتى يطلع الفجر)) ما قال : حتى يقرُبَ طلوع الفجر !

إذاً فالاحتياط للمؤذنين : أنْ لا يؤذنوا حتى يطلع الفجر .

السبب الثاني : **قد أخطأ هؤلاء المؤذِّنون الذين يُؤَذِّنون للفجر قبل طلوع الفجر** وزعموا أنَّهم يحتاطون لأمرٍ احتياطهم فيهِ غيرُ صحيح ، لكنَّهم يفرطون في أمرٍ يجبُ عليهم الاحتياط لهُ وهو صلاة الفجر ، فإنَّهم إذا أذَّنوا قبل طلوع الفجر صلَّى النَّاسُ ـ وخصوصاً الذين لا يُصلون في المساجد من نِساءٍ أو مَعْذُورين عن الجماعة ـ صلاة الفجر ، وحينئذٍ يكون أداؤهم لصلاة الفجر قبل وقتها ، **وهذا خطأٌ عظيم** !!

لهذا أوجه النصيحة لإخواني المؤذِّنين أنْ لا يُؤذِّنوا إلاَّ إذا تبيَّنَ الصُّبح وظهر لهم ، فإذا ظهر لهم سواء شاهدوا بأعينهم أو علموهُ بالحساب الدقيق فإنَّهم يؤذنون ...) .

**واتە : ئەو بانگدەرانەی کەوا بانگدان پێش دەخەن و لە ڕۆژانی بە ڕۆژوو بووندا پەلە دەکەن لە بانگی بەیانیاندا بە گومانی ئەوەی کەوا ئەوان بە ئەمە (ئیحتیاط) دەکەن بۆ ڕۆژووەکە ، ئەمانە لەمەدا هەڵەن لەبەر دوو هۆکار :**

**هۆکاری یەکەم: (ئیحتیاط) کردن لە عیبادەتدا بریتیە لە پەیوەست بوون بەوەوە کە لە شەرعدا هاتووە ، وە پێغەمبەر ﷺ**

فەرموویەتی: (بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مكتوم) بانگ دەدات، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) ، پێغەمبەر ﷺ نەیفەرمووە: تاوەکو دەرکەوتنی فەجر نزیك دەبێتەوە !

کەواتە (ئیحتیاط و خۆپارێزی کردن) بۆ بانگدەرەکان لەوەدایە: کەوا بانگ نەدەن تاوەکو فەجر دەردەکەوێت .

هۆکاری دووەم : ئەو بانگدەرانەی کەوا پێش دەرکەوتنی فەجر بانگ دەدەن بۆ نوێژی بەیانیان بە دڵنیایی هەڵەیان کردووە، بەو بۆچوونەی کەوا ئەوان (ئیحتیاط و خۆپارێزی دەکەن) بۆ شتێك کەوا (ئیحتیاط و خۆپارێزی کردنیان) تێیدا ڕاست نىیە، بەڵام ئەوانە کەمتەرخەمی دەکەن لە شتێکدا کەوا پێویستە لەسەریان (ئیحتیاط و خۆپارێزی) بۆ بکرێت کە بریتىیە لە نوێژی بەیانیان (فەجر) ، چوونکە ئەوانە ئەگەر پێش دەرکەوتنی فەجر بانگ بدەن ئەوا خەڵکی بە تایبەتیش ئەوانەی کەوا لە مزگەوتەکاندا نوێژ ناکەن لە ئافرەتان و ئەوانەش کە عوزریان هەیە بۆ ئامادەنەبوونی نوێژی جەماعەت نوێژی بەیانی دەکەن، وە لەو کاتەشدا بەجێهێنانی (نوێژی بەیانییان) پێش کاتی خۆی بووە ! وە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە !

بۆیە ئامۆژگاریم ڕووبەڕووی برا بانگدەرەکانم دەکەمەوە کەوا بانگ نەدەن ئیللا مەگەر فەجر ڕوون بووبێتەوە و دەرکەوتبی بۆیان، جا ئەگەر بەرەبەیان دەرکەوت بۆیان ـ چ بەوەی کە بە چاوی خۆیان

**بیبینن یان بیزانن بە ژماردنێکی وورد و ڕاست ـ ئەو کاتە بانگ دەدەن.**

**پ ٣ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالـــح العثيمين ـــ رحمه الله ـــ)[3] :

بعض الأشخاص يأكلون والأذان الثانـــي يؤذن في الفجر لشهر رمضان ، فما هو صحة صومهم ؟

**واتە : هەندێك كەس هەن خواردن دەخۆن لە كاتی بانگدانی دووەمەدا بۆ فەجر لە ڕەمەزاندا ، ئایا ئەمانە ڕۆژووەكەیان دروستە و تەواوە ؟**

*** ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (إذا كان الـــمُؤَذِّنُ يؤذن على طلوع الفجر يقيناً فإِنَّهُ يجب الإمساك من حين يسمع الـــمُؤَذِّن فلا يأكل ولا يشرب .

أمَّا إذا كان يؤذن عند طلوع الفجر ظنَّاً لا يقيناً كما **هو الواقع في هذه الأيام** فإِنَّهُ له أن يأكل ويشرب إلى أنْ ينتهي الـــمُؤَذِّنُ من الأذان) .

**واتە : ئەگەر بانگدەر بە پێی دەركەوتنی فەجر بە دڵنیاییەوە بانگ بدات ئەوا خۆگرتنەوە لە خواردن واجب و پێویستە لەو كاتەوە**

[3] الفتاوى لابن العثيمين ـــ كتاب الدعوة : (١ / ١٥٦ ـــ ١٥٧) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٣) .

**کەوا گوێی لە بانگدەر دەبێت ، نابێت خواردن بخوات یان خواردنەوە بخواتەوە .**

**بەڵام ئەگەر بانگدەر بە گومانەوە لە کاتی دەرکەوتنی فەجردا نەك بە دڵنیاییەوە بانگبدات وەکو چۆن لەم ڕۆژگارەدا ئەمە لە واقعدا وایە ئەوا بۆی هەیە بخوات و بیشخواتەوە تاوەکو بانگدەر لە بانگەکەی دەبێتەوە.**

**پ ٤ / وە پرسیار کراوە لە** (الشيخ محمد بن صالـــح العثيمين ـــ رحمه الله ـــ)[٤] :

هل يلزم الصائـــم أنْ يـــمسك من حين يسمع النداء أو إلـــى أنْ ينتهي الـــمؤذِّن ؟

**واتە : ئایا پێویستە لە سەر ڕۆژووان خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لەو کاتەوە کەوا گوێی لە بانگ دەبێت یان تاوەکو بانگدەر کۆتایی پێدێنێت ؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (جوابنا على هذا السُّؤال الذي يقول فيه صاحبه أنْ يـــمسك من حين يسمع الـــمؤذِّن مؤذن الفجر أو يـــجوز لهُ أنْ يأكل ويشرب حتَّى ينتهي من الأذان ، جوابنا على هذا أنْ نقول :

---

[٤] فتاوى الشيخ محمد بن صالـــح العثيمين : (١ / ٥٣٣) ، نقـــلاً عـــن "فتـــاوى رمضان" : (١ / ٢٠٤ ـــ ٢٠٥) .

أيُّـــها السائل **إنَّ الـــحكمَ لَمْ يـــجعل مرتباً على الأذان بل هو مرتب على طلوع الفجر** فـــمتى طلع الفجر وجبَ على الـــمرء الإمساك سواء أذَّن أو لـــم يُؤذِّن، ولو لـــم يطلع الفجر فإنَّهُ لا يـــجب الإمساك سواء أذَّن أو لـــم يُؤذِّن لقوله تعالـــى: ﴿**فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ**﴾ [سورة البقرة : ١٨٧] .

وفـــي قوله تعالـــى ﴿**حَتَّى يَتَبَيَّنَ**﴾ دليلٌ على أنَّـــهُ يـــجوز للـــمرء أنْ يأكل ويشرب مع الشَّك فـــي طلوع الفجر ، وذلك لأنَّ الأصلَ بقاءُ اللَّيل وما كان هو الأصل فإنَّـــهُ لا ينتقل عنهُ إلاَّ بيقين ، وإذا عُلِمَ أنَّ الـــمؤذِّن لا يُؤذِّن إلاَّ حينما يطلع الفجر فعليهِ أنْ يـــمسك بـــمجرد سماعهِ لقول النبـــي ﷺ : ((إنَّ بلالاً يُؤذِّنُ بليلٍ فكلوا واشربوا حتى يؤذن ابن أم مكتوم ، فإنَّهُ لا يؤذِّن حتى يطلع الفجر)) .

وعلى هذا إذا علمتَ أنَّ الـــمؤذِّنَ حَريصٌ على مُراقبة الوقت وأنَّـــهُ لا يتسرع فإنَّهُ يـــجب عليكَ بـــمجرد سماعهِ أنْ تُمسِكَ ، أمَّا إذا كنت تَشُكُّ فـــي هذا الأمر فإنَّهُ يـــجوز لكَ أنْ تأكل وتشرب) .

**واتە : وەڵامان بۆ ئەم پرسیارە کەوا خاوەنەکەی تێیدا دەڵێت : خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لەو کاتەوە کەوا گوێی لە بانگدەری فەجر دەبێت یان دروستە بۆی بخوات و بخواتەوە تاوەکو کۆتایی بە بانگەکە دێنێت ؟**

وەڵامان بۆ ئەمە ئەوەیە کەوا بڵێین : ئەی پرسیارکار ئەو حوکمە ڕێکنەخراوە لەسەر بانگدان بەڵکو ڕێکخراوە لە سەر دەرکەوتنی فەجر ، جا هەر کاتێك فەجر دەرکەوت ئەوا واجب و پێویستە لە سەر موسڵمان کەوا خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە چ بانگی دابێت یان بانگی نەدابێت یەکسانە ، وە ئەگەر فەجر دەرنەکەوتبێ ئەوا خۆگرتنەوە واجب و پێویست نىیە چ بانگی دابێت یان بانگی نەدابێت یەکسانە ، لە بەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿**فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ**﴾ [سورة البقرة : ١٨٧].

واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا ، ئەنجا ڕۆژووەکەتان بە تەواوی بگرن تا شەو (واتە: تا کاتی خۆر ئاوا بوون کە سەرەتای دەست پێکردنی شەوە).

لەم فەرمایشتەدا ﴿**حَتَّى يَتَبَيَّنَ**﴾ واتە: [تاوەکو بۆتان ڕوون دەبێتەوە] بەڵگەی تێدایە لە سەر ئەوەی کەوا دروستە بۆ موسڵمان خواردن بخوات و خواردنەوەش بخواتەوە لە کاتێکدا کەوا گومانی هەیە لە دەرکەوتنی فەجردا ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەوا ئەصل و بنەوا ئەوەیە کە هێشتا شەو ماویەتی ، وە ئەوەش کە ئەصل بێت

**خۆتی لێناگوێزیتەوە ئیللا بە دڵنیایی نەبێت ، وە ئەگەر زانرا ئەم بانگدەرە بانگ نادات ئیللا لە کاتێکدا نەبێت کەوا فەجر دەرکەوتووە ئەوا پێویستە لە سەری خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە لە گەڵ بیستنی بانگەکەدا ، ئەمەش لە بەر فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بیلال لە شەودا بانگ دەدات ، جا ئێوە بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مکتوم) بانگ دەدات ، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .**

**بە پێی ئەمە ئەگەر زانیت کەوا بانگدەر سوورە لە سەر چاودێری کردنی کاتی پارشێو و پەلە ناکات ئەوا واجب و پێویستە لە سەرت کە خۆت بگریتەوە ، بەڵام ئەگەر گومانت هەبوو لەمەدا ئەوا دروستە بۆت خواردن بخۆیت و خواردنەوەش بخۆیتەوە.**

**پ٥ / وە پرسیار کراوە لە** (الشیخ محمد بن صالــح العثیمین ــــ رحمه الله ـــ)[٥] :

ما حكمُ الأكل والشرب والــمؤذن يؤذن أو بعد الأذان بوقتٍ يسير ولا سيما إذا لَمْ يُعلم طلوع الفجر تـــحديداً ؟

---

[٥] الفتاوى لابن العثيمين ـــ كتاب الدعوة : (١ / ١٤٦ ـــ ١٤٨) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٥ ـــ ٢٠٦) .

واتە : ئایا حوکمی خواردن و خواردنەوە چیە لە کاتێکدا کەوا بانگدەر بانگ دەدات یان دوای بانگ بە کاتێکی کەم ، بە تایبەت ئەگەر نەزانیت فەجر دەرکەوتووە بە ڕێکی ؟

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (الـحد الفاصل الذي يـمنع الصائم من الأكل والشرب هو طلوع الفجر لقول الله تعالى : ﴿**فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ**﴾ ، ولقول النبي ﷺ : ((فكُلوا واشربوا حتَّى يُؤذِّنَ ابن أم مكتوم ، فإنَّهُ لا يؤذِّن حتى يطلع الفجر)) .

**فالعِبَرةُ بطلوع الفجر** ، فإذا كان الـمؤذن ثقة ويقول إنَّـهُ لا يُؤذِّن حتى يطلع الفجر لإنَّهُ إذا أَذَّنَ وجبَ الإمساك بـمجرد سماع أذانهِ ، وأمَّا إذا كان الـمؤذِّن يؤذن على التحري فإنَّ الأحوطَ للإنسان أنْ يُمسك عند سماع أذان الـمؤذِّن ، إلاَّ أنْ يكون في برية ويُشاهد الفجر ، فإنَّـهُ **لا يَلزَمهُ الإمساك ولو سَمِعَ الأذان حتى يرى الفجر طالعاً** إذا لـم يكن هُناك مانع من رؤيتهِ لأنَّ اللهَ تعالى علَّقَ الـحُكمَ على تَبيُّن الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ، والنبي ﷺ قال في أذان ابن أم مكتوم : ((فإنَّهُ لا يُؤذِّن حتى يطلعَ الفجر)) .

وإنَّني أُنَبِّـهُ هنا على مسألة يفعلها بعض الـمؤذنين وهي أنَّهم يؤذنون قبل الفجر بـخمس (٥) دقائق أو أربع (٤) دقائق زعماً منهم أنَّ هذا من باب الاحتياط للصَّوم ، وهذا احتياط نَصِفُهُ بأَنَّهُ تَنطُّع وليس احتياطاً شرعيًّا ، وقد قال النبي ﷺ : ((هلكَ الـمُتَنطِّعون)) ، وهو احتياط غير صحيح لأنَّهم

إنْ احتاطوا للصوم أساؤوا للصلاة ، فإنَّ كثيراً من الناس إذا سَمِعَ الـــمؤذن قام صلَّى الفجر .

وحينئذٍ يكون هذا الذي قام على سماع أذان الـــمؤذِّن الذي أَذَّنَ قبل صلاة الفجر يكون قد صلَّى الصلاةَ قبل وقتها ، والصلاةُ قبل وقتها لا تصحُّ وفـــي هذا إساءةٌ للـــمُصلين ، ثُمَّ إِنَّهُ فيهِ إساءة إلـــى الصائمين لأَنَّهُ يـــمنع من أراد الصيام من تناول الأكل والشرب مع إباحة الله لـــهُ ذلك ، فيكون جانياً على الصائمين حيث منعهم ما أحلَّ الله لـــهم ، وعلى الـــمصلين حيث صلُّوا قبل دخول الوقت ، وذلك مُبطِل لصلاتـــهم .

فعلى الـــمؤذِّن أنْ يتقيَ اللهَ عزَّ وجل وأنْ يـــمشي فـــي تـــحريهِ للصواب على ما دلَّ عليهِ الكتاب والسنَّة) .

**واتە : سنوری جیاکەرەوە کە ڕۆژووان قەدەغە بکات لە خواردن و خواردنەوە بریتیە لە دەرکەوتنی فەجر ، لە بەر فەرمایشتنی خوای گەورە : ﴿فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾** [سورة البقرة : ١٨٧] .

**واتە : بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا ، وە لە بەر پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی : (بخۆن و بخۆنەوە تا (ابن أم مكتوم) بانگ دەدات ، چوونکە ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .**

پەند و عیبرەت لە دەرکەوتنی فەجردایە ، جا ئەگەر بانگدەرەکە متمانەپێکراو بێت و بڵێت من بانگ نادەم تاوەکو فەجر دەردەکەوێت ئەو کاتە ئەگەر بانگیدا ئەوا خۆگرتنەوە واجب و پێویستە تەنها بە بیستنی بانگدانەکەی . بەڵام ئەگەر بانگدەرەکە بانگ بدات بە پشت بەستن بە دواداگەڕان ، ئەوا خۆپاراستن و ئیحتیاط بۆ مرۆڤ لەوەدایە کەوا خۆی بگرێتەوە لە کاتی بیستنی بانگی بانگدەردا ، ئیللا مەگەر لە دەشتاییکدا بێت و خۆی فەجر ببینێت ئەو کاتە پێویست نییە لە سەری خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە ئەگەر چی گوێشی لە بانگ بێت تاوەکو دەبینێت فەجر دەرکەوتووە ئەگەر لەو شوێنەدا هیچ بەربەستێك نەبێتە ڕێگر لە بینینی فەجردا چوونکە خوای گەورە حوکمەکەی پەیوەست کردووە بە ڕوون بوونەوەی سپیایی بەرەبەیان لە تاریکی شەو لە کاتی فەجردا ، وە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە بانگەکەی (ابن أم مکتوم) فەرموویەتی : (ئەو بانگ نادات تاوەکو فەجر دەرنەکەوێت) .

لێرەدا من تێبینیك دەدەم سەبارەت بە مەسەلەیەك کەوا هەندێك لە بانگدەرەکان ئەنجامی دەدەن کە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەوان پێش فەجر بە (٥) پێنج دەقیقە یان (٤) چوار دەقیـــقە بانگ دەدەن بەو بۆچوونەی کە ئەمە لە بابەتی خۆپاراستن و ئیحتیاطدایە بۆ ڕۆژوو .

ئا ئەم خۆپاراستن و ئیحتیاطـە ئێمە وەصفی دەکەین بە زیادەڕەووی نەك بە خۆپاراستن و ئیحتیاطێکی شەرعی! وە پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ((هلكَ الــمُتَنطِّعون)) [واتە: ئەوانەی کە زیادەڕەووی دەکەن تیاچوون و فەوتاوون] .. ئەوە خۆپاراستن و ئیحتیاطێکی ناڕاستە چوونکە ئەوانە ئەگەر خۆپاراستن و ئیحتیاطیان کردبێت بۆ ڕۆژوو ئەوا **خراپیان ئەنجامداوە دەرحەق بە نوێژ** .. لە بەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەگەر گوێیان لە بانگدەر بێت هەڵدەسێت و (نوێژی فەجر) (واتە : نوێژی بەیانی) ئەنجام دەدات .

لەم کاتەدا ئەو کەسەی کە هەستاوە بۆ نوێژ بە پشت بەستن بە بیستنی بانگی ئەو بانگدەرەی کە پێش نوێژی فەجر بانگی داوە ئەو کەسە نوێژەکەی ئەنجام داوە پێش ئەوەی کاتەکەی هاتبێت ، وە نوێژ کردنیش پێش هاتنی کاتەکەی ڕاست و دروست نیيە و ئەمەش خراپی تێدایە بۆ نوێژگەران ، ئەنجا هەروەها خراپیشی تێدایە بۆ ڕۆژووانان چوونکە ڕێگری دەکات لەو کەسانەی کە دەیانەوێت ڕۆژوو بگرن لەوەی کە بخۆن و بخۆنەوە لە کاتێکدا کە خوا ئەمەی بۆ حەڵاڵ کردوون ، ئەو بانگدەرە تاوانی کردووە دەرحەق بە ڕۆژووانان چوونکە ئەوەی لـێ قەدەغە و مەنع کردوون کەوا خوا بۆی حەڵاڵ کردوون ، هەروەها دەرحەق بە نوێژگەرانیش چوونکە پێش چوونە ناو کاتی

**نوێژەوە نوێژەکانیان ئەنجامداوە ، وە ئەمەش دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی نوێژەکانیان .**

**بۆیە پێویستە لە سەر بانگدەر کەوا لە خوای گەورە بترسێت و لە بەدواداگەڕانیدا بۆ ڕاستی لە سەر ئەوە بڕوات کە قورئان و سوننەت بەڵگەن لە سەری.**

**پ ٦ / وە پرسیار کراوە لە (لیجنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوادان)[٦] :**

يقول الرسول ﷺ : ((إذا غابت الشمسُ من ها هنا ـــ يعني الـــمغرب ـــ وطلع الليلُ من ها هنا ـــ يعنـــي الـــمشرق ـــ فقد أفطر الصائم)) أو كما قال ﷺ ، واتضح لنا بعد التبيان أنَّ الشمسَ تغيب حقيقةً وبعدها بـــخمس (٥) أو بسبع (٧) دقائق يؤذن الـــمؤذِّن للإفطار على "ميقات العجيري" فـــي الكويت ، فهل يـــجوز الإفطار قبل الـــمؤذن وبعد التحقق من مغيب الشمس ؟

**واتە : پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکی (صەحیح)دا فەرموویەتی : (ئەگەر خۆر لێرەوە ئاوا بوو ـ یەعنی لە بەرەی ڕۆژئاواوە ـ وە لێرەشەوە شەو دەرکەوت ـ یەعنی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە ـ ئەوا**

---

[٦] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء ، (الشيخ : عبد الله بن قعـــود وعبـــد الله غديان وعبد الرزاق عفيفي وبرئاسة الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز) ، فتوى الـــرقم : (٩٢٤٨) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٨ ـــ ٢٠٩) .

ڕۆژووان ڕۆژووەکەی دەشکێنێت) ، یان وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، وە بۆمان دەرکەوت دوای ڕوون بوونەوە کەوا خۆر بە ڕاستی ئاوا بووە، وە دوای ئەوە بە (٥) پێنج دەقیقە یان بە (٧) حەوت دەقیقە بانگدەر بانگدەدات بۆ بەربانگ کردن بە پێی (کاتژمێری العجيري) لە (کۆیت) ، **ئایا بەربانگ کردن پێش بانگی بانگدەر دروستە ئەمە لە دوای بەڕاستی گەیشـــــتن (دڵنیا بوون) لە خۆر ئاوا بوون ؟**

* (لیجنەی هەمیشەیی ...)ش لە وەڵامدا فەرموویەتی : (إذا تــحقق الصَّـــائمُ غروبَ الشمس وإقبال اللَّيل فقد حلَّ لـــهُ الفطر ، قال تعالـــى : ﴿**ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ**﴾ [البقرة : ١٨٧] ، وقال ﷺ : ((إذا أقبلَ الليلُ من ها هنا وأدبرَ النَّهارُ من ها هنا ، وغربت الشمسُ فقد أفطر الصائم)) ، متفقٌ على صحتهِ . وبذلك يُعلم أَنَّـــهُ لا يعتبر ما خالفَ ذلك من التقاويـــم كما أَنَّـــهُ لا يشترط سَماع الأذان بعد تـــحقيق غروب الشمس . وبالله التوفيق ، وصلَّى الله على نبينا محمد وآلهِ وصحبه وسلم) .

واتە : ئەگەر ڕۆژووان بەحەق گەیشت (واتە : دڵنیا بوو) لە خۆر ئاوا بوون و هاتنی شەو ئەوا دروست و حەڵاڵە بۆی بەربانگ بکات ، خوا فەرموویەتی: ﴿**ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ**﴾ واتە: ئەنجا ڕۆژووەکەتان بە تەواوی بگرن تا شەو (واتە : تا کاتی خۆر ئاوا بوون کە سەرەتای دەست پێکردنی شەوە).

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (ئەگەر شەو لێرەوە داهات و ڕۆژیش لێرەوە پشتی هەڵکرد و خۆر ئاوا بوو ئەوا ڕۆژووان ڕۆژووەکەی دەشکێنێت) .

**بەمەوە دەزانرێت کەوا ئیعتبار ناکرێت بۆ ئەو کاتژمێرانەی کە پێچەوانەی ئەوەن ، هەروەها بیستنی بانگیش مەرج نی یە بۆ بەربانگ کردن دوای دڵنیا بوون لە خۆر ئاوا بوون .**

**پ ٧ / وە پرسیار کراوە لە** (شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله) **سەبارەت بە خۆر ئاوابوون**[٧] :

هل يجوز للصائم أنْ يُفطر بمجرد غروبها ؟

واتە : **ئایا دروستە بۆ ڕۆژووان کە تەنها بە خۆر ئاوا بوون بەربانگ بکاتەوە؟**

* **ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی :** (إذا غابَ جميع القرص أفطر الصائم ، ولا عِبرةَ بالحُمرة الشديدة الباقية في الأفق .

وإذا غاب جميع القرص ظهر السَّواد من المشرق ، كما قال النبي ﷺ : ((إذا أقبلَ الليلُ من ها هنا وأدبرَ النَّهارُ من ها هنا ، وغربت الشمسُ فقد أفطر الصائم)) ) .

---

(٧) مجموع فتاوى شيخ الإسلام ابن تيمية : (٢٥ / ٢١٥ ــ ٢١٦) ، نقلاً عن "فتاوى رمضان" : (١ / ٢٠٩) .

واته : ئەگەر هەموو بازنەی خۆر (جميع قرص الشمس) دیار نەما و ئاوابوو ئەوا ڕۆژووان بەربانگ دەکاتەوە ، وە هیچ ئیعتبارێك نیيه بۆ ئەو سۆراییيه توندەی كه دەمێنێتەوە لە ئاسۆدا .

وە ئەگەر هەموو بازنەی خۆر دیار نەمێنێت و ئاوا ببێت ئەوا لە ڕۆژهەڵاتەوە تارماییەك دەردەكەوێت، هەروەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (ئەگەر شەو لێرەوە داهات و ڕۆژیش لێرەوە پشتی هەڵكرد و خۆر ئاوا بوو ئەوا ڕۆژووان ڕۆژووەكەی دەشكێنێت) .

* وە (الشيخ محمد ناصر الدين الألبانـــي رحمه الله) **فەرموویەتی**[٨] :

(أنَّ أذان الفجر في بعض البلاد العربية يُرفع قبل الفجر الصادق بزمن يتراوح بين **العشرين والثلاثين دقيقة** ، أي قبل الفجر الكاذب أيضاً !

وكثيراً ما سمعت إقامة صلاة الفجر من بعض المساجد مع طلوع الفجر الصادق ، **وهم يؤذنون قبلها بنحو نصف ساعة** ، وعلى ذلك فقد صلوا سنة الفجر قبل وقتها ، وقد يستعجلون بأداءِ الفريضة أيضاً قبل وقتها في شهر رمضان ، كما سمعته من إذاعة دمشق وأنا أتسحر رمضان الماضي ( ١٤٠٦ ) .

وفي ذلك تضييق على الناس بالتعجيل بالإمساك عن الطعام ، وتعرض لصلاة الفجر للبطلان ، وما ذلك إلاَّ بسبب اعتمادهم على التوقيت الفلكي ، وإعراضهم عن الطريق الشرعي : ﴿**وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ**

---

[٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ٥١ ــ ٥٢) .

**الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾** ، " فكلوا واشربوا حتى يعترض لكم الأحمر " ، وهذه ذكرى ، والذكرى تنفع المؤمنين) .

**واتە : (بانگی بەیانیان** (أذان الفجر) **لە هەندێك وڵاتە عەرەبیەکاندا بەرزدەکرێتەوە پێش (فەجری ڕاستگۆ) بە کاتێك کە دێت و دەڕوات لە نێوان (٢٠) بیست تاوەکو (٣٠) سی دەقیقەدا ، واتە پێش (درۆزنە فەجریش) بە هەمان شێوە ! وە زۆر جارێك من گوێم لە قامەت بووە بۆ نوێژی فەجر لە هەندێك لە مزگەوتەکانەوە لە گەڵ دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ)دا ، لە کاتێکدا کە بە نێو سەعات (٣٠ / د) پێش ئەوە بانگیان داوە ، وە بە پێی ئەمە سوننەتی فەجریان پێش هاتنی کاتەکەی کردووە ، وە زۆر جارێك پەلەش دەکەن لە جێبەجێکردنی نوێژە فەرزەکەشدا بە هەمان شێوە پێش هاتنی کاتەکەی لە مانگی ڕەمەزاندا ، وەکو خۆم بیستومە لە** (إذاعة دمشق) **ەوە لە کاتێکدا کە پارشێوم دەکرد لە ڕەمەزانی ڕابردوودا (١٤٠٦) ، وە ئەمەش تەنگ پێهەلچنینی تێدایە لە سەر خەڵك بە پەلە کردن لە خۆگرتنەوە لە خواردن ، وە نوێژی فەجریش دەخاتە بەر بەتاڵبوونەوە ، وە ئەمەش بە هیچ هۆیەکەوە نیە ئیللا بە هۆی پشت بەستنەوە نەبێت لە سەر (کاتژمێری فەلەکی) ، و پشت هەڵکردن لە ڕێگا شەرعیەکە : ﴿بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سپیایی ڕۆژتان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە تاریکی شەو لە بەرەبەیاندا﴾،** ((فكلوا

واشربوا حتـــى يعترض لكم الأحمر)) [**واتە: بخۆن و بخۆنەوە تاوەکو سوورایی بەرە بەیان دێتە ڕێتان**] .

*** هەروەها** (الشيخ محمد ناصر الدين الألبانـــي رحمه الله) **لە فقهی فەرموودەی** ((الفجرُ فجران ...))**دا فەرموویەتی**[٩] :

(قلتُ : ومن تراجم البيهقي لـــهذا الــحديث قوله : (باب إعادة صـــلاة من افتتحها قبل طلوع الفجر الآخر) .

وفيه تنبيـــهٌ هام إلـــى وجوب أداء الصلاة بعد طلوع الفجر الصادق ، وهذا ما أخل بهِ الــمؤذنون فـــي كثير من العواصم ــ منها عمان ــ فإنَّ الأذان الــموحد فيها يُرفع **قبل الفجر** بنـــحو **نصف ساعة** بناءً علـــى التوقيت الفلكـــي ، وهو خـــطأ ثابت بالــمشاهدة ! وكذلك فـــي كثير من البلاد الأخرى كدمشق والــجزائر والــمغرب والكويت والــمدينة والطائف ، والله الــمستعان) .

**واتە : دەڵێم : لە سەرباس و پێناسەکانی** (البيهقي)**دا بۆ ئەم فەرموودەیە ووتەکەیەتی : (بابەتی دووبارەکردنەوەی نوێژی ئەو کەسەی کە پێش دەرکەوتنی فەجری دووەم دەستی پێدەکات) ، ئەمە بیرخستنەوەیەکی گرنگی تێدایە بۆ واجبێتی ئەنجامدانی نوێژی بەیانیان دوای دەرکەوتنی (فەجری ڕاستگۆ) ، وە ئەمەش ئەوەیە کە پشت گوێ خراوە لە لایەن بانگدەرەکانەوە لە زۆربەی پایتەختەکاندا**

---

[٩] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٢ / ٣٠٨ ــ ٣٠٩) .

ـ وەك عەمان ـ چوونكە بانگی یەكگرتو (الأذان الــموحد) تێیدا بەرز دەكرێتەوە پێش فەجر بە نزیكەی نێو سەعات (٣٠ / د) بە پشت بەستن بە (كاتژمێری فەلەكی) ، وە ئەمەش هەڵەیەكی سەلمێنراوە بە بینین ! هەروەها بە هەمان شێوە لە زۆربەی وڵاتانی تردا وەكو (دمشف والــجزائر والــمغرب والكويت والــمدينة والطائف) ، خواش یارمەتیدەرە !

* هـەروەها (الشيخ محمد بن صالــح العثيمين ــ رحمه الله ــ) لـە شەرحی فەرموودەی : ((أيُّ الأعمال أفضل؟ قال : الصلاةُ على وقتـــها)) [واتە : ئایا چ كردەوەیەك باشترە ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : نوێژ ئەنجامدان لە كاتی خۆیدا] فەرموویەتی[١٠] :

(بالنسبة لصلاة الفجر الــمعروف أنَّ التوقيت الذي يعرفهُ الناس الآن ليس بصحيح .

فالتوقيت مُقدَّمٌ على الوقت بــخمس (٥) دقائق على أقل تقدير ، وبعض الإخوان خرجوا إلـــى البَّـــر ، فوجدوا أنَّ الفرقَ بين التوقيت الذي بأيدي الناس وبين طلوع الفجر نحو ثلث ساعة [٢٠ دقيقة] ، فالــمسألة خطيرةٌ جــداً .

---

[١٠] شرح رياض الصالــحين لابن العثيمين : (٣ / ١٦٧) .

ولـــهذا لا ينبغي للإنسان فـــي صلاة الفجر أنْ يُبادر فـــي إقامة الصلاة ، وليتأخر ثلث ساعة [٢٠ دقيقة] أو (٢٥) دقيقة ، حتـــى يتيقن أنَّ الفجرَ قـــد حضر وقتُه) .

**واته : سەبارەت بە نوێژی فەجری ناسراوەوە: ئەو کاتەی کەوا ئێستا خەڵك دەیزانێت ڕاست و دروست نیـیە ! کاتە دانراوەکە پێش خراوە بە سەر کاتی نوێژدا بە (٥) دەقیقە بە لایەنی کەمەوە ، وە هەندێك لە برایان دەرچوون بۆ دەرەوەی شار و بینیویانە کەوا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کاتەی کە لە بەر دەستی خەڵکەوەیە لە گەڵ (دەرکەوتنی فەجر)دا بە نزیکەی (٢٠ / د) سێیەکی سەعاتێك ، جا ئەم مەسەلەیە زۆر ترسناکە .**

**بۆیە لایەق نیـیە بۆ مرۆڤ پەلە بکات لە نوێژی فەجردا لە دابەستنی نوێژەکەدا ، وە با (٢٠ / د) سێیەکی سەعاتێك دوای بخات ، یان (٢٥) دەقیقە ، تاوەکو دڵنیا دەبێت کەوا کاتی فەجر ئامادە بووە).**

***** **وە** (الشيخ محمد ناصر الدين الألبانـــي رحمه الله) **لە سوودی ئەم فەرموودەیەدا** ((كان النبـــي (ﷺ) إذا كان صـــائماً أمـــرَ رجـــلاً

فأوفـــى علـــى نَشَزٍ ، فإذا قال : قد غابتِ الــشمسُ أفطــرَ)) * **[واتـە : پێغەمبـەر (ﷺ) ئەگـەر بـە ڕۆژوو بووایـە ، فـەرمانی بـە پیاوێـك لـە صەحابە دەكرد بچێتە سەر شتێكی بەرز ، جا ئەگـەر بیوتایـە : خـۆر ئـاوا بـووە و بازنـەی خـۆر دیـار نـەما ، پێغەمبـەر (ﷺ) بـەربانگی دەكرد] فەرموویەتی**[11] :

(وفـــي الـــحديث اهتمامُهُ (ﷺ) بالتعجيل بالإفطـــار بعـــد أنْ يتأكـــد (ﷺ) من غُروب الشمس ، فيأمـــرُ مَنْ يعلو مكاناً مُرتفعاً ، فـــيُخبرهُ بغروب الشمس ليفطر (ﷺ) ، وما ذلك منهُ إلاَّ تـــحقيقاً منهُ لقولـــــهِ (ﷺ) : " لا يـــزالُ الناسُ بـــخيرٍ ما عجَّلوا الفطرَ " وهو مُخرَّجٌ فـــــي ((الإرواء)) رقـــم : (٩١٧) .

وإنَّ من الـــمؤسف حَـــقَّـــاً أنَّـــنا نرى الناس اليوم قد خالفوا هذه السنة ، <u>**فإنَّ الكثيرين منهم يرونَ غُروب الشمس بأعينهم ومع ذلـــك لا يُفطـــرون حـــتَّـــى يسمعون أذانَ البـــلد**</u> ، جاهلين :

أولاً : أنَّـــهُ لا يُؤَذَّنُ فيهِ علـــى رؤية الغروب ، وإنَّـــما علـــى التوقيـــت الفلكـــي .

---

* صحيح ابن خزيـــمة رقم: (٢٠٦١)، والسلسلة الصحيحة رقم : (٢٠٨١) .

[11] سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٥ / ١١٨) .

وثانياً : أنَّ البلد الواحد قد يَختلف فيه الغروب من موضـــع إلى لآخـــر بسبب الجبال والوديان، فرأينا ناساً لا يُفطرون وقد رأوا الغـــروب ! وآخـــرين يفطرون والشمسُ باديةٌ لـــمْ تَغرُبْ ، لأنَّهم سمعوا الأذان ! والله الـــمستعان) .

**واتــە : لــەم فەرموودەیــەوە ئــەوەمان بــۆ دەردەكــەوێت : كــە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند گرنگی داوە بە پەلە كردن لـە بەربانگـدا دوای ئەوەی كە دڵنیا دەبوو لە خۆر ئاوا بوون ، جـا فـەرمانی دەكـرد بە كەسێك بچێتە سەر شوێنێكی بەرز ، بۆ ئـەوەی ئاگـاداری بكاتــەوە لە خۆر ئـاوا بـوون بـۆ ئـەوەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـەربانگ بكـات ، وە ئەمەش لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) تـەنها لـە بـەر جێبـەجێكردنی ئـەو ووتەیەی بووە كە فەرموویـەتی :** ((لا يزالُ الناس بخيرٍ ما عجَّلوا الفطرَ)) **واتە : بەردەوام خەڵك لە خەیردایە تا ئەو كاتەی كە پەلـە دەكـەن لـە بەربانگ كردنیاندا .**

**وە بـە ڕاسـتی جێگـەی داخـە كـە دەبیـنین ئـەمڕۆ خــەڵكی سەرپێچی ئەم سوننەتە دەكەن ، چونكە زۆرێك لەو خەڵكانە خۆر ئاوا بوون دەبینن بـە چـاوی خۆیـان كـە چـی لـە گـەڵ ئەوەشـدا بـەربانگ ناكەنــەوە تــا گوێیــان لــە بــانگی ووڵات دەبێــت ، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێت كە ئەوانە نەزانن بە دوو شت : یەكەم : ئـەو بانەگـەی كـە دەدرێت بە پێی خۆر ئاوا بوون نـی یـە ، بـەڵكو بـە پـێی كاتـژمێری فەلەكیـیـە ، دووەم : یـەك ووڵات بـە گـشتی خـۆر ئـاوا بـوون تێیـدا**

جیاوازە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بە هۆی شـاخ و دۆڵەکانـەوە ، بۆیە دەبینین خەڵکانێك بـەربانگ ناکـەن لـە کاتێکدا کـە بینیویانـە خۆر ئاوا بووە ، وە خەڵکانێکی تر هەن بـەربانگ دەکـەن لـە کاتێکدا کە خۆر هێشتا دیارە و ئاوا نەبووە ، لە بەر ئەوەی گوێیان لـە بـانگ نەبووە [ئەمەش بە نیسبەت ئەو کەسـانەوەیە کـە چـاوەڕوانی بـانگی پایتەختی وولات یان بانگی پارێزگا بە سەرتا سەری دەکەن] ، خواش یارمەتی دەرە).

* **وە گەورە زانای شافعی مەزهەب** (ابن حجـر العـسقلانـي) **لـە گەورە کتێبی** (فتح الباري شرح صحيح البخاري)**دا فەرموویەتی**[١٢] :

(تنبيه **من البدع المنكرة** ما أحدث في هذا الزمان من إيقاع الأذان الثانـي قبل الفجر بنحو **ثلث ساعة** في رمضان وإطفاء المصابيح التي جعلـت علامـة لتحريم الأكل والشرب على من يريد الصيام زعماً ممن أحدثه أنه للاحتيـاط في العبادة ... وقد جرهم ذلك إلى أن صاروا لا يؤذنون إلاَّ بعد الغروب بدرجـة لتمكين الوقت زعموا ، **فأخروا الفطر ، وعجلوا السحور وخالفوا السنة** ، فلذلك قل عنهم الـخير وكثير فيهم الشر ، والله المستعان) .

---

(١٢) فتح الباري شرح صحيح البخاري : (٤ / ٢٥٣ ـــ ٢٥٤) .

واتـە : **یـەکێك لـەو بیدعـە خرا پانـەی** کـە لـەم سـەردەمەدا* داهێنـراوە: ئـەنجام دانـی بـانگی دووەمـی بەیانیانـە پـێش فـەجر بـە سـێیەکی سـەعاتێك [واتـە : (**٢٠**) بیـست دەقیقـە] لـە ڕەمەزانـدا ، هـەروەها کوژاندنـەوەی چـراکان* کـە کراونەتـە بەڵگـە بـۆ قەدەغـە کردنی خواردن و خواردنەوە لـە سـەر ئـەو کەسـەی کـە دەیـەوێت بـە ڕۆژوو بێت ، بە گومانی ئەوانەی کـە ئـەم بیدعەیـەیان داهێنـاوە کـەوا ئەمە (خۆ پارێزی و ئیحتیاط) بوونی تێدایە لـە عیبادەتـدا ، وە ***کـەس نازانێت ئەمە بیدعەیە ئیللا دانە دانەیەك لە خەڵك نەبێت*** ، وە ئـەم کـارە داهێنراوانە ڕایکێشاون بەرەو لای ئەوەی : کـە بـانگ نـەدەن تـا دوای خۆر ئاوا بوون بە ئەندازەیەك بۆ دڵنیابوون لە هاتنی کاتی بەربانگ بە تـەواوی بـە گومـانی بۆگـەنی خۆیـان ، بۆیـە بەمـەش : **بـەربانگیان دواخست و پەلەشیان کرد لە پارشێو کردندا و پێچەوانەی سـوننەت بوونەوە** .

بـۆیە دەبینیت چاکە و خێریان تێدا کەمە و خراپەیان تێدا زۆرە ...) .

---

* ئەمە لە سەردەمی (ابن حجر)دا بـووە کـە لـە ساڵـی (٧٧٣)ی کۆچـی لـە دایـك بووە و لە ساڵی (٨٥٢)ی کۆچیش مردووە ڕەحمەتی خوای لێبێت .